# جڤاکی کوردیی و بزاڤە بازنەییەکانی

**دیدی هیگل لەمەڕ نەگۆڕی دەسەڵاتە نەریتگرەکانی رۆژهەڵاتییدا**

**بەشی چوارەم**

**هەندرێن**

## ئاکامگیرییەک لە رامانگەلێکدا

کەواتە ئێستا کۆمەڵگای کوردستان لە کوێی ئەو هاوکێشەیەدا وەستاوە؟ گەلۆ ئێستا ئەو نیگەرانییە کۆمەڵایەتیی و سیاسیانەی کورد لە ژێر سایەی حکومەتی کوردستاندا، بەرەو تەنگژە دەچن یان دەسپێکی تەنگژەیەکی قووڵە؟ ئایا دەکرێ هێزێکی نوێخواز؛ کۆمەڵێک تاکەکەسی ئازاد لە هەناوی کۆمەڵگای کوردستاندا لە دایکبێ کە بتوانێ تەکانێک بەو پرۆسە مێژووە گیرخواردووە بدا، یان هیگل واتەنی، ئەو پرۆسە مێژووییە بازنەییەی کورد بەرەو گۆڕانێکی ناوەکی وەرچەخێنێ و دوا ئامانجی ئەو مێژووە، کۆمەڵگایەکی نوێباو و دەوڵەتی نەتەوەیی کورد بەدیبهێنێ؟
بەڵێ، من لە سەرەتادا باسم لەو گریمانەی هیگل لەمەڕ ئەو پرۆسە ژیربێژییەی مێژوو کرد، کە دوا ئامانجی چوونە دەرەوەیە لە خود و بەرجەستەکردنەوەی دەوڵەتی نەتەوەییە. بە کورتی هیگل پێی وابوو کە پرۆسەی ئەو مێژووە لە رۆژئاوادا توانی خۆی لە مێژووی جیهاندا بەرجەستە بکاتەوە و ئازاد بێ، لێ لە کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵاتدا، چونکە شێوەی کات لە بەرانبەر شوێنی ناو وڵاتدا وەستاوە، لەبۆیە ئەو دەوڵەتانە لە پرینسیپدا ناگۆڕێن. لێ هاوکاتیش کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵات لە گۆڕانێکی بێکۆتایی و لە ململانێ و شەڕێکی بێکۆتاییدا خۆیان دەبیننەوە، کە ئەمانەش وا لە دەوڵەتەکانی رۆژهەڵاتدا دەکەن بە خێرای بڕوخێن، لێ دیسانەوە هەمان کۆمەڵگای نەریتیی و دەسەڵاتێکی ستەمگەر بەرهەمبهێننەوە. لەوکاتەی کە کۆمەڵگا یان پرۆسەی مێژووی رۆژهەڵات بەرەو دەرەوەی خۆیاندا رێدەکەن، بە دەم ئەو بەر بەرەکانێ و شەڕەملێیانەی ناوەوەی کۆمەڵگاوە، ئەگەری سەرهەڵدانی پرینسیپێکی تاکەکەسی دێتە ئاراوە، لێ ئەو ئەگەرە نابێتە خاوەن ئاگایی خۆی، بەڵکوو هەستێکی گشتییانەیە. چونکە سۆز سەرچاوەیانە. هاوکاتیش وڵاتانی رۆژهەڵات، لە وڵاتگەلێکی ئەفسانە ئامێز دەچن، چونکە هێشتا شێوە دژەکەیان، واتا شێوەی بێکۆتایی و ناسنامە نەهاتوونەتە ناو کۆمەڵگاوە. لەبۆیە دەسەڵاتی ئەو باوکە باڵادەستەی وڵاتانی رۆژهەڵات، کە لەسەر بنەمای ویستێکی سۆزئامێزدا دامەزراوە، بڕیار لەسەر هەموو شتێکدا دەدا، بڕیار لەسەر قەدەری کۆمەڵگا دەدا. ئەو باوکە یەکاتییەکە لە نێوان تەواوی تاکەکەس و ئاپۆرەی خەڵکدا. ئەو تاکەکەسانەی کە لەناو ئەو یەکاتییە نەریتگەرایەدا دەژین ناچارن ژیانێکی نەریتی بەسەر بەرن. دواجاریش، لە روانگەی هیگڵەوە، دەکرێ بڵێین، کۆمەڵگای ئێمەش وەک کۆمەڵگایەکی رۆژهەڵاتی، گریمان سەربەخۆش بێ، بەڵام دواجار رەنگە نەتوانێ ئەو دۆخە قەتیسماوە ببەزێنێ و هەمیشەش وێنەی ئەو

کۆمەڵگا نەریتگەرایە بەرهەمبهێنێتەوە.

هاوکاتیش، بە رۆشناییەک لە بیرۆکەکانی هێگلەوە، هەولماندا وێنایەک لە بزاڤ و ئاکامەکانی کۆمەڵگای کورد نمایش بکەین. لەوێدا وتمان، کە پرۆسەی مێژووی کورد و بزاڤەکانی، نەیانتوانیووە دابڕانێک لە روحی نەریتگەرای کۆمەڵگا و ئەو قەدەری تێکشکان و بندەستییەی کە بوونی کورد بە دەستییەوە دەناڵێنێ، دروست بکەن. بە کورتی بە روانگەیەک لە هێگل، هێشتا کورد خاوەنی پرینسیپێکی تاکەکەسی ئازاد نییە، بۆیە هەمیشە بە دەوری خاڵێکدا دەسوورێتەوە، کە هێمای دەسەلاتێکی خێڵە، ئەو خێڵەش نوێنەری بەهای نەریتی قەتیسماو و خێزانە، نەک بەهای ئازادی و شکۆمەندی تاکەکەسەکان لە چوارچێوەی دەولەتێکی نەتەوایەتییدا.

هەڵبەتە وەک دەزانین وەلامی جوودا بۆ ئەو پرسیارانە هەن کە من هەولمدا لە روانگەی هێگلەوە رەهەندێکیان راڤە بکەم. لێ بەشێک لە نووسەر و سیاسییەکانی کورد، هەروەک رەنگە لە رابردووشدا هەروا بوو بێت، لەگەڵ ئەوەدا نین کە کۆمەڵگای ئێمە بەرەو تەنگژە دەچێ یان تەنگژەیەکی ئەوتۆی هەیە. لەوەش زیاتر، لە کن هەندێک نووسەر و سیاسی، کە ئەو تەرزە بۆچوونانە بۆ هەموومان ئاشنان، پێیان وایە هیچ کاتێک کۆمەڵگای کوردی هێندەی ئێستا بەختەوەر و سەرکەوتوو نەبووە. بیانۆیەکانی ئەمانە ئەوەیە کە رژێمی سەدام رووخا و بەمەش کورد ئەمڕۆ لە ئاستی سیاسیی، ئابووری، سازکردنی خانووی بەرز و کولتووریی لەوپەڕی پێشکەوتن دایە... هتد. لێ راستییەکەی ئەوانە ناتوانن بەو بۆچوونانەیان بڕوا بە زۆرێک لە کۆمەڵگا بهێنن.
چونکە، بە بڕوای من، نکۆڵیکردن و لاملی کردن لە نەبوونی نیگەرانییەکی قووڵی جڤاکی، ئابووری، رەوشتی، سیاسی و ...هتد لە کۆمەڵگای کورددا، بێجگە لە خۆ دزینەوە لە بەرپرسیاریی و ئێتیکی نیشتمانی هیچی تر ناگەیەنێ. ئەمڕۆ لە کوردستاندا، وێڕای هەڕەشەیەکی دەرەکی، پەشیمانبوونەوەی حیزبە حوکمڕانەکان لە بەغدا و بەرزبوونەوەی شۆڤینیەتی عارەبی و کەڵەگایی تورکیا، ئێران سووریا بەسەر کوردستاندا، تەنگژەیەکی قووڵی ناوەکیش لە ئارادایە. لەوەش بترازێین، کە ئەمریکا بە دەست ئەو ئەزموونە تاڵەی کە ئەمڕۆ لە عێراقدا بە دەستییەوە هەراسان بووە، خەریکە هەموو سازشێک لەگەڵ گشت ئەو هێزە دژ بە ئازادیی و بە تایبەتیش ئەو هێزانەی کە دژ بە کوردن بکا. ئەمانەش کۆی کۆمەڵگای کوردییان نیگەران کردووە. بەمجۆرە لەئاستی دەرەکییدا، حکومەتی ناوەندی لە بەغدا، وێڕای ئەوەی لە دۆخێکی تەڤلەهەڤی تایفیی و گەندەڵیی ئابووریی و سیاسییدا چەقیووە، هاوکاتیش خەریکن بە بە بیانۆی جوودا خۆیان لە چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک و دەڤەرە بە عارەبیکراوەکانی دیکەی کوردستان و پابەندبوون بە حکومەتێکی فیدرالی بدزنەوە، کە ئەمەش شلەژان و نیگەرانییەکانی کوردی خەستتر کردووە. لە ئاستی ناوەکیشدا، پەرەسەندنی نادادپەروەریی لە نێوان حیزبە دەسەلاتدارکان و چین و توێژەکانی کۆمەڵگا، نەبوونی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی وەک: کارەبا، ئاو و خواردنی پاک، داو و دەرمان... هتد، کۆمەڵگای تووشی

دڵەڕاوکێیەکی قووڵ کردووە. لەوەش بترازێین، کە خەریکە گرانی خواردەمەنی، قات و قڕی کەرەسە پێویستییەکانی ژیان و دیاردە عەنتیکەکانی گەندەڵی سیاسی، ئابووری، ڕەوشتی و... هتد دەگاتە ئاستێک کە توێژ و تاکەکەسەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی حیزبەکان واز لە هەموو بەهایەکی مرۆڤایەتیی و نەتەوایەتی بێنن.

گشت ئەمانە ئاماژەن بۆ بوونی دیاردەی ***نیگەرانییەکی*** فرەوانی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی لە کوردستاندا. ئەمەش بە سروشتی خۆیەوە دەبێتە ***تەنگژە*** و دواجاریش **بزاڤێکی ڕێکخراو** و پالامارداني ئەو حکومەتەی کوردستان. وەلێ، ئەگەر لەگەڵ هێگل هاوڕا بین، ئەگەر ئەو بزاڤە نوێیەش، کە ئێمە وەک گریمانەیەک ئاماژەی پێدەکەین، خاوەن ئەو پرینسیپە ئازادیی و دوا ئامانجە مێژووییە نەبێ کە هێگل باسی دەکا، بەندەش لەم وتارەدا بەشێکی نمایشکرد، ئەوە ئەو بزڤانەش دیسان ***ڕووخانیان*** لە هەناوی خۆیاندا هەڵگرتووە. هەر چۆنێک بێت، ئەمڕۆ کۆمەڵگای کوردی گەیشتۆتە ڕادەیەک کە بە گومانەوە لەو حیزب و حکومەتە کوردییە بڕوانێ، کە دوێنێ نوێنەری بزاڤێکی "شۆڕشگێڕ"ی دەکرد و ئەمڕۆش بۆتە هێزێکی باڵادەستی نەریتگەرا و باوکێکی باڵادەستی ستەمگەر بەسەر کۆمەڵگادا. بە واتایەکی دیکە: زۆرێک لە چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵگای کورد، پێیان وایە ئەو حکومەتە کوردییە، ناتوانێ نوێنەری ئامانجە نەتەوایەتیی و چڤاکییەکانی کورد بکا یان ئەو حکومەتە بەو پرینسیپە حیزبگەرایی و گەندەڵکارییەی کە دەبینرێ، ناتوانێ خەونی ئەو کۆمەڵگایە نوێیاوە بەرجەستە بکاتەوە، کە کورد لە پێناویدا ئەنفالکرا. کەواتە ئەمڕۆ لە کن بەشێکی زۆری مرۆڤی کورد ئەو حیزبە باڵادەستانە نەک هەر ناتوانن کۆمەڵگایەکی نوێخواز بەرهەمبهێنن، بەڵکوو وێنەیەکی دیکەی حکومەتێکی ستەمگەر و کۆمەڵگایەکی نەریتگەران، یان وێنایەکی تری هەمان دەسەڵاتدارانی ڕۆژهەڵاتن، بەڵام بە جلی کوردییەوە.

لەو ڕوانگەیەوە دەکرێ بێژین، ئەمڕۆ چونکە چەشنە بزاڤێکی ڕێکنەخراوی "بەرتەک" ئامێز، بێ بەرنامە، پەرش و بڵاو، یان هێگل واتەنی، تاکەکەسانێکی مەیل ئازاد، لێ سۆزئامێز، بە تایبەتیش لە ناو نەوەی گەنجاندا، لە ئارادایە. لێرەدا ئەوەندە بەسە ئاماژە بە خۆپیشاندانە تووند و تیژەکانی بەهاری 2006ی هەڵەبجە، کەلار، سلێمانی، ئاکرێ و نارەزاییە شێوە جوودایەکانی شار و شارۆچکەکانی دیکەی کوردستان بکەین، کە نیشانەیەکی بەرچاون لە نیگەرانییەکی چڤاکیی، کە ئەمەش بە واتای هێگلی، لە دواجاردا ***نیگەرانییەکانی*** ناخی ئەو تاکەکەسانە لە ناو خۆیاندا بچنە دەرێ و سەرهەڵدانی ***بزاڤ***ێکی نوێخواز لە کوردستاندا رابگەیەنن. هەڵبەت مەبەستم لەو بزاڤە هێزە ئایینی و نائایینی یان ئەو دیاردە تێرۆریستیانە نییە کە بە جۆرێک لە جۆرەکان لە ژێر چەتری "بەرهەڵستکار"یدا خۆیان ناودێر دەکەن، بەڵکوو لێرەدا مەبەستم لەو نیگەرانیی و شلەژانە کۆمەڵایەتیانەیە کە دوورن لەو دیاردە ئیدیۆلۆجییە باوانەی، کە لە بنەڕەتدا هەڵگری هیچ بەرنامەیەکی نوێخوازیی نین، - بەڵام ڕەنگە ئەو حیزبە ئایینی و نەریتیانەش، بە هۆی توانا ماددیی و مانەوییەکانیان و ئەو ناوکۆییە سۆز ئامێزەی کە ڕوحی کوردی پێکدەهێنێ، بتوانن ئەو نیگەرانیی و تەنگژەیە لە خزمەتی ئامانجەکانی خۆیاندا بقۆزنەوە -، بەڵکوو ئەو نیگەرانیی و بێزارییانەی خەڵک

ڕەنگدانــەوەی ئــەو دۆخەیــە کــە حکومــەتی کــوردی بــە هــۆی ڕەفتــار و کــردەوە نادادپــەروەر و کۆنخوازییەکانیـەوە بەرهـەمیهیناوە. گـەلۆ ئاکامـەکانی داهـاتووی ئـەو بزاڤـە دەتـوانێ ئـەو ئامانجـە مێژووییە؛ بەرهەمهێنانی کۆمەڵگایەکی نوێباو و ویستی خۆیـان لـە دەوڵـەتێکی نەتـەوەیی بـەرجەسـتە بکەنەوە؟ ئەمەیان پرسیارێکە داهاتووی خودی ئەو بزاڤە وەڵاممان دەداتەوە. لێ ئەگەر داوا لە هێگل بکەین تێگەیشتنی خۆیمان لەمەڕ داهاتووی ئەو بزاڤە پێ بڵێ، ئەوە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی هەمان مێژووە کە کۆمەڵگا و بزاڤەکانی کوردستان نیشانیداوین.

لەوەش بترازێین، ئەوەی لەم وتارەدا نمایشمکرد، جۆرە ڕامانێکی مێژووی هزری بوو لە کاردانەوەی پرۆسەی بزاڤە کۆمەڵایەتییە شۆڕشگێڕەکان بە گشتیی و بزاڤەکانی کوردیش بە تایبـەتی. هەڵبـەت لـە مێژوودا گەلێک نموونەی ئەو جۆرە بزاڤانە هەن، کە لـە میانـەی ئاخاوتنەکانماندا ئاماژەمـان پێکردن. لێ پرۆسە و ئاکامی ئەو نیگەرانییە یان ئەو تەنگژەیەی کە ئەمڕۆ لە کۆمـەڵگای کوردیدا لـە ئارادایـە، مەرج نییە بەو پرۆسەیەدا بڕوات کە من وەک مۆدێلێک نمایشمکرد. هاوکاتیش ڕەنگە ئێمە بە خۆمان شـایەدحاڵی ئـەو بزاڤـە کۆمەڵایەتییـە و ئاکامـەکانی نـەبین، لـێ ڕەنگـە نـەوەکانی دوای ئێمـە لـەو پرۆسەیەدا بەشدار بن. هەڵبەت مێژوو هەمیشە لە دوای پێشهاتەکانەوە دەنووسرێتەوە، مرۆ کاتێک لەو پێشهاتانەی مێژوو دوور دەکەوێتەوە، ئەوکات دەتوانێ دیمەنەکانی ئەو پێشهاتانە لێک هاوێر بکا. دواجـار، بـە ڕۆشـناییەک لـەو بیرۆکـەی هێگلـەوە، ئەگـەر کۆمەڵگایـەک لـە پێنـاوی چاکبوونـەوەی سـەرۆکەکەی مێگـەلێک مـەڕ و بـەرخ و گاڕانێک گۆلکی بەسـتەزمان بکاتـە سـەدەقە و خێر، لەوەش عەنتیکەتر، ئەو کردارانـە وەک چالاکییـەکی جڤاکیی و کولتووریی لـە مێدیا "مـەدەنی"یەکانی حیزب نمایشـبکرێن، ئەگـەر نوێنـەری گـەنج و خوێنـدکارەکان، کـە گوایـە ئـەو توێژانـە وزەی کۆمـەڵگا و بەدیهێنـەری ئاییندەی کوردن، بۆ چارەی گەندەڵیی، نادادپەروەریی و تاڵانکارییـەکانی دیکـەی نـاو کۆمەڵگا پەنا بۆ سەرۆکی حیزب و حوکمەت ببەن، کە بە خـۆی ئـەو کێشـانە چارەسـەر بکـا، ئەمـەش ئەوەمان پێدەڵێ، کە دیارە ئەو نەوەیەش بڕوای بەوەیە کە تەنیا ئەوە سەرۆکی حیزب یان سـەرۆکی حوکمەتە کە دەتوانێ بڕیار لەسەر چاکسازی بدا. ئەمەش، هێگل واتەنی، واتا ئەو باوکە لە دەرەوەی گشت ئەو سنوورانەیە کە قانوون و دەستوورەکانی کۆمەڵگا دیاریکردوون. لەوەش زێتر، گەلۆ ئێوە سەرنجتان لەوە داوە، کە ئەمڕۆ ڕۆژانە لە مێدیایەکانی حیزبەوە دەبیستین و دەخوێنینەوە، کە هەموو هونەرمەنـد، نووسـەر و شـاعیرانی تـەواوی کوردسـتان، بەرهـەمهێنان و سـەرکەوتنی فیلمـی سینەماییەکانیان، سـیدیی گۆرانییـەکانیان، دیـوانی شـیعرەکانیان و ... هتـد، هاوکـاتیش جوتیـاران ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانیان، نەخۆشەکان چاکبوونەوەی نەخۆشییەکانیان و ... هتد بە کۆمـەکیی و بەخشـندەییەکانی سـەرۆکی حکومـەت و ڕابـەرێکی حیـزب و تاکـە مەنسـوولێک گرێـدەدەن؟! ئـەرێ بنەمای ئـەو چەشـنە پەروەردەیـەی کـە توانسـت و ویسـتی تاکەکەسـەکان بـەو تاکـە باوکـە ئـازاد و باڵادەستە گرێدەدا ، ئەو بیرۆکەی هێگلمان بە یاد ناهێنێتەوە، کە پێی وابوو کۆمەڵگای سـۆزدار یـان ئەو بێ خودە کاکڵەدارەی ڕۆژهەڵات وابەستەی تاکە باوکێکی ئازاد و بەخشندەیە؟! گـەلۆ چـاپکردنی

دیوانی شاعیرۆکەیەک و کردنیشی بە پاڵەوان بەسەر گەنجانی ئەمڕۆی کوردستاندا، دەرهێنانی فیلمێک و ... هتد چ پێوست دەکا بەو سەرۆکانەوە گرێبدرێن؟ ئەدی ئەرک و رۆلی ئەو هەموو دامەزراو و دەزگایە رۆشنبیریی، هونەرییانە و یەکێتی نووسەران چین کە بانگەشەیان بۆ دەکرێ و سامانی ئەو خەڵکە دەستکورتە هەڵدەلووشن؟ ئەدی کاری ئەو دامەزراوە خزمەتگوزاریی چڤاکییانە چین کە وەک پێکهاتەیەک یان نوێنەری حکومەتی خەڵکیان پێدەگوترێ؟ بە هەمە حاڵ، ئەوانە هەموویان کۆمەڵێک ئاماژەی گرنگ و رەهەندی جڤاکیی، نەریتیی و کولتوورییان هەیە لە ژیانی کۆمەڵگای ئێمەدا.

وێرای ئەمانەش، هەروەک بینیمان، کە دوای گیرانی سەرۆکی (پکک) بزاڤی رزگاریخوازی کورد لە باکووردا، تووشی چتۆ شۆکێکی روحی بوو، لەبۆیە کوردی ئەو بەشە و تاکەکەسەکانی ناو ئەو بزاڤە هەتا هەنووکەش لە چاوەڕوانی باوکێکی باڵادەستی دیکەدا، سەرگەردانن. هەڵبەتە بزاڤی رزگاریخوازی رۆژهەڵاتیش، بە تایبەتی حیزبی دیمۆکرات، دوای کۆستی هەردوو ریبەر، دکتۆر قاسملۆ و شەرەفکەندی، لەبەردەم دووڕیانی پرۆسە مێژوویەکەییدا دۆشداماوە. هەڵبەتە لە ئەزموونی مێژووی کورددا چەندان نموونەی لەمجۆرەمان هەن، کە لێرەدا ئەرکی ئەم وتارە نییە هەموویان نمایشبکا.

لێرەوە ئیتر خەون بینین بە لە دایکبوونی کۆتاکێکی خودئاگای خاوەن پرینسیپی ئازادی، دابڕانی ئەو کۆمەڵگایە نەریتگرە، باوکسالارە و جۆشدانی ئەو پرۆسە مێژووییە بەرەو دوا ئامانجەکەی، ئەگەر مەحاڵیش نەبێ، لیبەلێ سافیلکانەیە. بێنە بەرچاوی خۆت، کە نووسەر و شاعیرێکی سیاسیی دوای زیاتر لە سی ساڵ وابەستەی حیزبێکی چەپڕۆ بێ و وەک نوێنەرێکی رۆشنبیریی حیزبێک، چەندان گەنج لە شەڕی نێوان حیزبە کوردییەکان بە کووشتبدا و دوایش لە تازیمانەیەکدا کە لە ئەورووپادا بۆ ئەو هاوڕێیەی سازکردبوو، ئەو حیزبەی کە هاوڕێیەکەیان کووشت بە "سەرەتای فاشیەتی حیزبی کوردی" پێناسە بکا، کەچی دوای ماوەیەک، بێ گۆڕانێکی لۆگیکی، بەڵکوو لەبەر خۆیستیی و بەرژەوەندی ماددییەوە، کتوپڕ بە رێگای نووسینی وتارێکەوە سەرۆکی هەمان حیزب بە "ماندێلا" بچووێنێ، دواجاریش بە رێگای ئەو بەزمەوە بە بەخشینی پارەیەکی قەبەوە بچێتەوە کوردستان و وێنەیەک لەگەڵ ئەو سەرۆکە بگرێ، لەوەش زیاتر، وەک "دکتۆر"، کە کەس نازانێ نێوەڕۆکی ئەو "د"ەی ئەو چتۆ "د"ێکە، بکرێتە دەمڕاستێکی "کوردۆلۆگ"ییەوە، ناکرێ وا بە ئاسانی بەسەرماندا بگوزەرێ. لێرەدا مەبەست لەو نموونەیە، قسەکردن نییە لە کار و باری تایبەتی تاکەکەسەکانەوە، بەڵکوو، وێرای رەهەندی کۆمێدی/تراژدیی ئەو وێنایە لە رووناکبیر، مەبەستمە بڵێم، کە ئەو وێنایە لە رووناکبیریی کورد، رەهەندگەلیی هیگلیی تێدایە، کە دواجار ئەو تاکەکەسە ئازادانەی ناو کۆمەڵگای رۆژهەلاتی، یان ئەو تاکەکەسە "بێگانە"، "کیوی"انەی کە لە دەرەوەڕا دێنە ناو کۆمەڵگای رۆژهەلاتییەوە؛ کوردییەوە دواجار ناچار دەبن لە بەرانبەر ئەو نەریت و باوکە باڵادەستەی کۆمەڵگا ملکەچ بن، کە ئەمەش دۆڕاندنی کاکڵەی خۆیانە. هەروەک هاتنی ئەو شەپۆلە رۆشنبیریانەش کە لە دەرەوەڕا هاتوونە بۆ ناو کوردستان هەمیشە ئیفلیج بوونە و دەبن.

بەهەمە حاڵ،  ئاوڕدانەوە لە چەندان ئاماژە و دیاردەی لەم تەرزانە، کە من لێرە مەبەستم لە رەهەندە هێگلییەکەیانە، نەک تەنیا نمایشکردنێکی رووکەشانەیان،  ئەوەمان پێدەڵێن کە ئەو مەنسوول و بەناو دامەزراو، رێکخراوە مەدەنییانە... هتد، وەک هێگل دەڵێ، تەنیا دیکۆرێکن بە دەوری ئەو باوکەوە نەک خاوەن بڕیار و ئەرکێک. بە واتایەکی دیکە: بەردەوامبوونی ئەو جۆرە پەروەردە وابەستە و پاشکۆییە، کە ئەمڕۆ لە کۆمەڵگای کوردستاندا بە شێوەگەلێکی جیاواز برەوی پێدەدەرێ؛ گرێدانی توانا و ویستی هەموو تاکەکەسەکانی ناو کۆمەڵگا بە هێمای سەرۆک و سەرکردەوە، هێگل واتەنی، قووڵکردنەوەی روحی ئەو باوکسالارییەیە  لە مێشکی نەوەی گەنجان و ئایندەی کوردستاندا. ئەمەش هۆکردنی هەموو نەهامەتییەکانی مێژووی کوردە.  لێرەوە ئەو کۆمەڵگایەی کە گەندەڵی خەریکە هەڵیدەلووشێ، دەبێ چاوەڕێی ئەو باوکە بێ کە بە ئامۆژگاریی و بەخشندەییەکانییەوە هیدایەتی بدا.

بە هەمە حاڵ، هەتا ئەو بایە لەو کونە، لەو روحە نەریتگرەی ئەو کۆمەڵگایەوە بێت،  قەدەرمان لەوە باشتر نابێ، کە هێگل لە سەدەی هەژدەدا گوتبووی. کەواتە ئەو دابڕانە لە کۆمەڵگای نەریتگری کورد، سازاندنی کۆمەڵگایەکی نوێباو و باوەش کردن بە ویستی دەوڵەتی نەتەوەیی، پێویستی بە سازبوونی چینێکی بورژوای رەسەن هەیە، کە لەوێدا ئەو چینە دەتوانێ، تاکەکەسگەلێکی خاوەن پرینسیپی ئازاد، خاوەنداری تایبەتیی، خاوەن ئابووری نیشتمانیی و دەوڵەتی سەربەخۆ بەرهەمبهێنێ. لێرەوە بوونی بازرگانگەلێکی بێ کولتوور، بێ هزر؛ قرچۆک و پارە پەرستی کوردی، یان کورد واتەنی،  لە شێوەی پیرێژن/پیرەمێردی "هێلکە فرۆشی" لە کوردستاندا، مانای ژێرخانێکی ئابووریی بۆرژوازیی و بوونی ئەو چەشنە چینە بۆرژوازییە نییە کە لە دوای سەدەی شانزە و حەڤدەوەلە رۆژئاوادا لە دایکبوو، بەڵکوو ئەو تەرزە بازرگانەی ئەمرۆی کورد هێشتا نەک هەر نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستە ئاگایی و کولتووورە ئابوورییەی، کە سپێنگلەر واتەنی، وەک هزر و بیرکردنەوە لە پارە رابمێنێ، (17)  بەڵکوو ئەو بازرگانگەلە کوردییە بە هەمان شێوەی ئەو تاکە باوکە ئازادەی کە سەرچاوەی هەموو قانوون و بڕیارێکە لە کۆمەڵگای نەریتگری ئێمەدا  تەنیا لە خەمی گیرفانپڕکردن و رووتاندنەوە و خۆ بەسەر زاڵکردنی خەڵکی کوردستاندان لە پێناوی خۆویستی خۆیاندا. هەر بۆیە وەک دەبینین، ئێستا لە کوردستاندا خەریکن بە هێنانی خواردنی ماوە بەسەرچوو و شمەکی نایلۆن و پەڕپووتی تورکیا، ئێران، چین و دوبەی کورد و کۆمەڵگا مەحفبکەنەوە. (18)

دواجار کاتێک کۆمەڵگای کورد دەتوانێ دابڕانێک لە ئاراستە بازنەییەکانی مێژووەکەی دروستبکا، کە تاکەکەسە ئدیالییە ئازادەکانی ناو بزاڤە رۆشنبیریی و سیاسییەکانی بتوانن کۆمەڵگا و نوێنەرە سیاسیی و رۆشنبیرییەکانی لەو کۆوابەستەییە بە تاکە باوکێکی ئازادەوە؛ رزگار بکەن و بە پرینسیپێک لە ویستی ئازادییەکی کۆتاکەکەسییدا، رزگارکردنی مێژووی کورد؛ دەوڵەتی نەتەوەیی بکەن بە دوا ئامانجیان.

2007 مانگی 8 و 9ی

سوێد

www.handren.net

**ژێدەر و پەراوێز:**


1. Georg Wilhelm Friedrich Hegel, ”Hegel i urval”, Urval och Övers. av Kurt Wickman, DIDLUNDS, 1973. S. 182-183.

2. هەمان سەرچاوە، ل: 183.

3. هەمان سەرچاوە، ل: 183.

4. هەمان سەرچاوە،سەیری ل: 184-و 185

5. Svante Nordin, ”Filosofins historia”, Studentlitteratur, Lund, 1995, S.428.

6. Hegel, ”Hegel i urval”, S. 158_ 159.

7. Svante Nordin, ”Filosofins historia”، ل: 163.

8. هەمان سەرچاوە، ل: 275.

9. Georg Wilhelm Friedrich Hegel, ”Förnuftet i historien”, Övers. O. Möller, Bokförlaget Daidalos, Lund, 1987, S. 152.

10. هەمان سەرچاوە، ل: 154.

11. هەمان سەرچاوە، ل: 12-11 .9

12. Svante Nordin, ”Filosofins historia”, Studentlitteratur, Lund, 1995, S. 427.

13. هەمان سەرچاوە. ل: 428.

14. هەمان سەرچاوە. ل: 428.

15. HEGEL, ” Hegel i urval, Historiens filosofi”, S. 158.

16. هەمان سەرچاوە، ل: 159.

17. بۆ زانیاری زیاتر لەمەڕ پارەوە وەک مانایەک لە بیرکردنەوە و ئاشنابوون بە فەلەسەفەی سپێنگەر، بڕوانە ئەو وتارەی هەندرێن: "ئاوابوونی کولتووریی و ژیاریی؛ ئاوڕدانەوەیەک لە فەلسەفەی "ئاوابوونی رۆژئاوا"ی ئۆسڤالد سپێنگلەردا. لە ماڵپەڕی: www.handren.net

18. سەبارەت بەو وتارەی ئێمەوە بڕوانە: www.handren.net، هەندرێن: "**کورد لە نێوان بەرداشی ئایدۆلۆجیی رەهاگەرایی رەوشتی حکومەت و باڵادەستی تەکنیکدا**"، بە تایبەتیش لە ئاکامگیریی ئەم وتارەدا **فراوانتر باسی** بیرۆکەی کولتووری بۆرژوازیمان کردووە، کە ئیدیۆلۆجی لیبرالیزم رەنگدانەوەیەکیی ئەو کولتوورەیە.